# بۆ ژینۆ !

ژینۆی ساوا ، پەری چووکم !
ئەرمونیان چەشنی بووکم !

کیژە کوردی ئەشمیلانە !
دەس خرپنەی چاو کەڵانە !

دەست وپێت گیرۆدەی کۆتە
داوێنت دوژمنی خۆتە

زیندانی چارشێوی رەشی
موئەننەس ونیوە بێ بەشی

تۆ زەعیفەی قارمانی
کەرەسەی کایەی پیاوانی

لەندەهۆرێ چوارت دێنێ
قەڵای ژینت ئەرووخێنێ

چون ئافرەتی بارت لارە
هەرچی بڵێی دەڵێن عارە

بەوەش کوردی تاوانباری
جێی دەگەشە و قین و قاری

قەسەم بەوەی ترسی لانا
بە دەستبەندی لەیلا زانا

تۆ شێعری نەنووسراوەی
گۆرانی نەوتراوەی

فرمێسکی       نەڕێژراوەی
ئامانجی       نەپێکراوەی

پێنووسی شکاوی    منی
زمانی    بڕاوی       منی

تۆش گەورە بوی دیلی کۆتی
لەیلا   زانای  کاتی  خۆتی